پ١:ئەم خشتەیە دابەشبوونی گوندەکانە بەپێی بەرزی و نزمی ،دوو نموونە لەم گوندانە وەرگرە بەم شێوەیە :

١_نمونەیەک لە (162)گوند پێکهاتبێت.

٢_نمونەیەک لە (25%)گوندەکان پێکهاتبێت.

| ناوچەی بەرزی و نزمی | ژمارەی گوند |
|---|---|
| ناوچەی شاخاوی بەرز | 60 |
| ناوچەی شاخاوی نزم | 230 |
| ناوچەی بانەکان | 120 |
| ناوچەی دەشتەکان | 400 |

پ٢: مەبەست لە پۆلێنکردن (بەکۆمەڵکردنی داتا ئامارییەکان)چیە؟دواتر بنەماکانی بەکۆمەڵکردنی داتا ئامارییەکان بژمێرە و باسیان بکە و بەنموونە ڕونی بکەرەوە ؟

پ٣: لە کۆمەڵە کارگەیەکی پیشەسازی جیاواز لە قەبارەدا کە ژمارەیان(600 ) کارگەیە و لەو خشتەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە،بژاردەیەک هەڵبژێرە کە بریتی بێت لە (20% )ی کارگەکان.

| جۆری کارگە بەپێی قەبارە | ژمارە |
|---|---|
| بچووک | 420 |
| مامناوەند | 110 |
| گەورە | 70 |

پ٤/ (نرخی باو و جۆرەکەی )بۆ ئەم داتا خاوەی خوارەوە بدۆزەرەوە:

(26,11 ,21, 27,26,13,4, 27,21,32,18,21,27,35,24, 26,32,21,27,20,26)

پ٥:بنەمای پۆلێنکردنی هەریەک لەم داتایانە دیاری بکە ؟هەریەکەیان لەخشتەدا چۆن ڕێک دەخرێن ؟

١_بڕی باران بارینی مانگانە لە وێستگەکانی هەرێمی کوردستان .

٢_ڕووبەری زەویەکانی شارێک بەپێی جۆری بەکارهێنانەکانی .

٣_ژمارەی خێزان بەپێی بڕی داهاتیان

٤_پلەی گەرما لە وێستگەی هەولێر لە ماوە ( 2000_2020 ).

٥_ڕووبەری زەوی بەپێی ئاستی بەرزی لە ڕووی دەریا .

پ٦:ئەم چەمکانەی خوارەوە بناسێنە :

١_داتا ٢_گۆڕاو ٣_بژاردە ٤_داتای چەندی ٥_ئامار

پ٧:لەم خشتەی خوارەوە ئەمانە یدۆزەرەوە:

١_لادانی ناوەندی بۆ خێرایی با .

٢_ناوەندی ژمێریاری کێش دار بۆ خێرای با.

| خێرایی با م/ چرکە | دوبارەبوونەوەی ڕۆژ |
|---|---|
| 1.7 | 4 |
| 2.5 | 3 |
| 2.9 | 2 |
| 3.7 | 3 |
| 3.9 | 3 |
| 4.3 | 5 |
| 4.6 | 4 |
| 8.2 | 3 |
| 12.3 | 4 |

پ٨:ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا بژمێرە و باسیان بکە :

پ٩:جیاوازی بکە لە نێوان داتای جۆری و داتای چەندی .

پ١٠:لەم داتا بەکۆمەڵکراوەی خوارەوە ناوەندی ژمێرەیی کێش داربەپێی کێشی گروپەکان بدۆزەوە:

| گروپەکان | 2_0 | 4_2 | 6_4 | 8 _6 | 10_8 | 12_10 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارەبوەکان(f) | 10 | 15 | 12 | 10 | 7 | 2 |
| کێش (w ) | 9 | 8.5 | 8 | 7.5 | 7 | 6 |

پ١١:مەبەست لە بژاردەگیری چیە ؟و ڕێگاکانی بژاردەگیری ئەگەری چین بیانژمێرەو باسیان بکە.

پ١٢: زانستی ئامار بناسێنە و دواتر جیاوازی بکە لەنێوان ئاماری جۆری و ئاماری دەرەنجامی ؟

پ١٣:داتا خاوە بگۆڕە بۆ داتای بەگروپ کراو پاشان لادانی پێوەری بۆ داتا بەگروپ کراوەکە بدۆزەرەوە؟

(log15=1.17)       (84 ,52,70,55,49 ,63,45,79,62,57,59,67,68,62,56

پ١٤::سەرچاوەکانی  کۆکردنەوەی داتا بژمێرەو باسیان بکە .

پ١٥: لادانی چارەکی بۆ ئەم داتایە بدۆزەرەوە :

( 378.8 , 390.6 , 227.1 , 241.7 , 531.7 , 298.4 , 498.9, 340.3 , 408.6 , 275.4 )